

# نان کڕین

**هاوژین محەمەد**

ئێوارەیەکی نێوەڕاستی پاییزبوو، باوکم لەکار گەڕایەوە، هیلاک و شەکەت، وەک هەموو جارێک شەڕ و دەمەقاڵێ لەگەڵ دایکم دەستی پێ کرد، ئەمە بووبووە خووی ڕۆژانەیان و بەردەوام دووبارەیان دەکردەوە، هەندێک جار زوو کۆتاییان پێ دەهێنا و هەندێک جاریش تا دوای نان خواردن، تەنانەت تا کاتی خەوتنیش درێژەی دەکێشا، ئەم جارە من خێرا ڕۆیشتم بۆ نان کڕین، دەمویست هەرهیچ نەبێت با ئەمڕۆ گوێم لێیان نەبێت، ڕۆیشتم لە کۆتایی نۆرەی نان وەرگرتنەکە وەستام، تا ئەوەی نۆرەی خۆشم بەچەند کەسێک دا کە لەدوای منەوە هاتبوون، نانەکەم وەرگرت، ڕێگای ماڵەوەم گۆڕی، بۆ پارکەکەی نزیک گەڕەکەکەی خۆمان ڕۆیشتم، لەوێ پیاسەیەکی دوورودرێژم کرد، کزەبایەکی ساردی دەهات، سەما و لەرینەوەی گەڵاکان و جریوە جریوی چۆلەکەکان ئەو ناوەی پڕکردبوو، بەدەم پیاسەکردنەوە گەڵا وەریوەکانم بە قاچەکانم لەسەر زەوی لادەدا، جارجاریش دەستم دەخستە نێو توورەکەی نانەکە و پارچەنانێکم لێ دەکردەوە و دەمخوارد، لەگەڵ ڕوحی پاییزدا بە تەواوەتی تێکەڵ بووبووم، لەناکاو سەرم هەڵبڕی خۆر بە تەواوی ئاوا بووبوو ،کات زۆر درەنگی کردبوو، خووت خووتەیەک کەوتە دڵمەوە کە خێرا بەرەو ماڵەوە بڕۆم، پاییزم جێ هێشت، ڕۆیشتم لەڕێگادا هەنگاوەکانم خێراتر دەکرد، گەیشتمە ماڵەوە، لە دەرگای حەوشەکەوە ژوورکەوتم، ئارامی باڵی بەسەر ماڵماندا کێشابوو، نزیک بوومەوە دایکمم بینی لە بەرهەیوانەکە دانیشتبوو ئەژنۆکانی کۆکردبۆوە یەک و دەستی لەژێر چەناگەی دانابوو، سەرپۆشەکەی توند لەنێوچەوانی بەستبوو، لاوازی و تووڕەییەکی زۆری پێوە دیاربوو، خێرا نانەکەم دانا و ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی باوکم، ئەوەی بینیم تەنیا پارچە کاغەزێک بوو، دیاربوو بەخێرایی و بەدەستێکی لەرزۆک لێی نووسیبوو (کچم خۆزگە ئەمڕۆ ئاوا درەنگ نەدەگەڕایتەوە).